# 25ی نۆڤەمبەر و پەیامێک لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا

ڕۆژی٢٥ ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژیی جیندەرییە و ئەم ڕۆژە جیهانییەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان، بە شانازییەوە لە هەرێمی کوردستان پتر لە هەموو وڵاتێك بایەخی پێ دەدرێت و بە کەمپەینی ١٦ ڕۆژە بە ناوبانگە و تا ڕۆژی ١٠ی دیسەمبەر کە دەکاتە ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ بەردەوامە. ئەم ئەیامە دەرفەتێکی باشە بۆ ئافرەتان و پیاوانی یەکسانیخواز و تێکۆشەر، بۆ ئەوەی بە وردی باس و گفتوگۆی جۆرەکانی توندوتیژی و ڕێکارەکانی بنبڕکردنی بکەن.

**پێویستە فاکت لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین و بڕیارنامە و جارنامە نێودەوڵەتییەکان لە بەر چاو بگرین**

ئەمساڵ (٢٠١٩) کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی جیندەری، بایەخێکی پتری جیهانیی پێ دراوە و بەتایبەتی لە بواری جیاکاریی ڕەگەزیی لە کار و پیشەدا، دراوەتە بەر ڕەخنەی جۆراوجۆر و بە جددی داکۆکی لە یەکسانیی ڕەگەزی و مووچەی یەکسانی بەرکاری نێر و مێ دەکەن. ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی زۆر ئەرێنییە و زیاتر ئافرەتان بە مسۆگەرکردنی مافەکانیان نزیك دەکاتەوە. لە دنیای کار و پیشەدا، هەڵگرتنی هەنگاوی وا بۆ پشتوانیی لە مافەکانی خانمان کارێکی بەرجەستە و زۆر بەرچاوە و هەر لەم بوارەدا دەکرێت ئاماژە بە پەسەندکردنی کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی ژمارە (١٩٠)ی ڕێکخراوی کار و بزووتنەوەوەی مافی ئافرەتان بکەین، کە لە دەستپێشخەرییەکدا، سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان(ئانتۆنیۆ گۆترێس) داوای لە کۆمەڵگەی جیهانی کرد، تا ساڵی ٢٠٣٠ و بە یارمەتیی چالاکیی پەروەردەیی لە بواری ئاگادارکردنەوەی تاکی هەر کۆمەڵگەیەك، کۆتایی بە توندوتیژیی جێندەری بێنن.

**ئەم ئەیامە دەرفەتێکی باشە بۆ ئافرەتان و پیاوانی یەکسانیخواز و تێکۆشەر، بۆ ئەوەی بە وردی باس و گفتوگۆی جۆرەکانی توندوتیژی و ڕێکارەکانی بنبڕکردنی بکەن**

لێکۆڵینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەستکەوتی کار و مووچە و زەوتکردنی مافی خانمان زۆر زیاترە لە پیاوان، ئەوەش بە جۆرێکی توندوتیژی لە دژی مافەکانی ئافرەتان هەژمار دەکرێت. واتە داهاتی خانمان لە کاری هاوشێوەیان لەگەڵ پیاواندا زۆر کەمترە و ئەوەش گرفت و ئاریشەیەکە کە تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووشدا



د. سورەیا فەلاح
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەدی دەکرێت. جیا لەوەش دەستدرێژیی سێکسی سەرباسی باسانە، بەتایبەتی لە کاتەکانی جەنگ و پێکدادانی ئایدیۆلۆژیای دژبەردا، کە دەتوانین زۆر نموونە بخەینە بەر دیدی گوێگر و خوێنەر و بینەر، بە تایبەتی کە ساڵانی رابردوودا هەڵمەت و کەمپینەکانی وەك:

(# MeToo, #TimesUp, #Niuname-nos, #NotOneMore, #BalanceTon-Porc,)

سەرەنجی رای گشتی لە سەرلەبەری جیهاندا راکێشا، بێگومان لە کوردستانیش زۆر کاری جددی لەو بوارەدا کراوە و ناکرێت نکۆڵی لێ بکرێت. لە بەر ئەوەی هەر دەم پرسێکی نێو تەیفی نوخبە و رۆشنبیری کورد بووە و لە کاناڵی جیاوازەوە هەوڵ دراوە ئاستی رۆشنبیریی تاك لەو بوارەدا بەرفراوان بکەن. ئەگەر وەك کۆمەڵگەی کوردی لەو هاوکێشەیە بڕوانین، دەبینین زۆر ڕێگر و بەربەستی نەریتی و کەلتووری و ئایینی هەن، بەڵام پێویستە بە چاوی کراوەی وردبین رێکاری دەربازبوونیان بدۆزینەوە. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە فاکت لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین و بڕیارنامە و جاڕنامە نێودەوڵەتییەکان لە بەر چاو بگرین.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە هەمووومان دەکات کە رۆژی ٢٥ ی نۆڤەمبەر بکرێتە رۆژی یەکدەنگی و یەکڕەنگی بۆ رێزگرتن لە خانمان و رەنگی پڕتەقاڵیشی بۆیە دەستنیشان کردووە، چونکە هێمای ئومێدە و نیشانەی داهاتوویێکە کە ژنان بە بێ ترس بژین و بتوانن بچنە سەر شەقام و لە ئینتەرنێت بگەڕێن و لە توندوتیژی پارێزراو بن.

ئەم پرۆسەیە لە کوردستان بۆ ماوەی پتر لە دوو هەفتە بەردەوام دەبێت. پێویستە زۆر بە هەندی وەر بگرین و پڕۆژە و پلانی بۆ ئامادە بکەین. هەتا تاکی کۆمەڵگە بە یەکسانیخوازیی رەگەزی ئاشنا بکەین . بێگومان کەسانی ئەکادیمی لەو بوارەدا پشکی شێریان بەر دەکەوێت، هەڵبەت نەك لە ((دەستکەوتی شەخسی))، بەڵکوو لە((بەرپرسیاریەتی)) بەرامبەر مرۆڤایەتی کە وەبەرهێنان بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروست دەکات.

**زۆر ڕێگر و بەربەستی نەریتی و کەلتووری و ئایینی هەن، بەڵام پێویستە بە چاوی کراوەی وردبین ڕێکاری دەربازبوونیان بدۆزینەوە**

**کەسانی ئەکادیمی لەو بوارەدا پشکی شێریان بەر دەکەوێت، هەڵبەت نەک لە «دەستکەوتی شەخسی»، بەڵکوو لە «بەرپرسیاریەتی» بەرامبەر مرۆڤایەتی کە وەبەرهێنان بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروست دەکات**



# خانمان داوا دەکەن لە خاوەنداریێتی ماڵ و موڵکی هاوسەریێتی بێبەش نەکرێن

بێبەشکردنی خانمان لە مۆڵکداریێتی خانووبەرەو زەوی و زار لە ماوەی هاوسەریدا، یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی تایبەت بە دۆزی ئافرەتان کە پەراوێز خراوە و تا ئێستا بە هەند وەرنا گیرێت، کە کولتوور و دابونەریت رۆڵی خۆی تێدا دەگێڕێت، ئەمەش دەرەنجام و دەرهاویشتەی نەرێنی بۆ ئافرەت هەبووە. خانمانی فەرمانبەر بەتایبەتی لەو دۆخە نیگەرانن و پێیانوایە لە حاڵەتی جیابوونەوەیان لە هاوسەرەکانیان زۆرترین زیانی ئابوورییان بەردەکەوێت، بەتایبەتی کە لە ماوەی هاوسەرداری یارمەتیی هاوسەرەکانیان دەدەن بۆ کڕینی خانووبەرە و زەوی وزار، زۆرجار ئەم موڵکەکانە لە ژێر ناو و ناسنامەی تەنیا هاوسەرکانیان تۆمار دەکرێت، کە زۆر جار لە کاتی جیابوونەوەدا لەو هاوبەشییەی موڵکداری بێبەش دەکرێن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتە زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە دەکەن.

ئا/ ئیراد منوچر سان ئەحمەد

«دوای ١٣ ساڵ ژیانی هاوبەش لە هاوسەرەکەم جیا بوومەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرجەم ماڵ و موڵکمان بە ناوی هاوسەرەکەمەوە بوو، مافی گەڕاندنەوەی ئەو پشکەی کە لە موڵکداریی هاوسەرەکەم هەمبوو، لەدەستم چوو، سەرەڕای ئەوەی لە ماوەی هاوسەریمان زۆر کاری گرانم ئەنجام داوە، هەر لەبەخێوکردنی مەڕومەڵات، تا ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکان و دواتر کارکردن وەك فەرمانبەرێك، بە جۆرێك هەموو مانگێك مووچەکەم رادەستی هاوسەرکەم دەکرد بۆ کڕینی خانوو و ئۆتۆمۆبیل، ئێستاش دوای جیابوونەوە هیچ پەناگە و شوێنێکی تایبەت بە خۆمم نییە و دووبارە لە ماڵی باوکم دەژیم، هەر لە بەر ئەم هۆیەش نەمتوانی منداڵەکان بگرمە خۆ..» ئەوە قسەی شلێر ئەحمەد بوو کە وەك خۆی باسی کرد تەمەنی ٣٣ ساڵە و دایکی دوو منداڵە. شلێر نیگەرانە لەوەی کە باری ئابووریی خۆی زۆر خراپ بووە بە هۆی ئەوەی کە هیچ پارەیەکی پاشەکەوت نەکردووە و هەمووی بۆ هاوسەرەکەی خەرج کردووە، باسی ئەوەش دەکات کە «بڕی ئەو پارەیەی لە دادگا بۆ مارەییەکەم دانراوە، قیستی مانگانەیە و بڕێکی زۆر کەمە، هەر ئەمەش وایکردووە کە نەتوانم پارێزەرێکی لێهاتوو بۆ گەڕانەوەی مافی خۆم بگرم.» گوتیشی: «من وشیاریی یاساییم نەبوو، لە هیچ شوێنێکیش گوێبیستی ئەوە نەبووم کە ژنان دوای جیابوونەوە بەو شێوەیە تووشی زیانی ئابووری دەبن، هەر لەبەر لاوازیی باری ئابووریم باوکم رازی نەبوو منداڵەکانم بگرمە خۆم، چونکە شوێن و ماڵی تایبەت بە خۆمم نییە، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی من لە گوند دەهاتم بۆ شار بۆ دادگا و لەلایەن باوك و براکانم فشاری زۆرم لەسەر بوو، لە ترسی ناوزڕاندنم بەتایبەتی لەبەر ئەوەی رۆتینییەکانی ناو دادگا تاقەت پڕووکێنە، ئەوەتا تەنیا یەك بەشی کەیسی جیابوونەوەکەم زیاتر لە هەشت مانگی تێپەڕاند و هێشتا یەکلاییش نەبووەتەوە، ماڵی باوکیشم رازی نەدەبوون کە خۆم بە تەنیا هاتووچۆی ناو دادگا بکەم، بە هۆی کولتووری کۆمەڵایەتیی ناوچەکەمان و ترس لە دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی دەستبەرداری زۆێك لە مافەکانم بووم، ئەمەش گورزێکە لە ژنانی هاوشێوەی من دەدرێت»

باخان فاتح پارێزەر و چالاکی بواری مافی ئافرەتانە و لە بارەی رەهەندی یاسایی و دۆزی بێبەریکردنی خانمان لە موڵك و ماڵی هاوسەر لە کاتی جیابوونەوەیاندا دەڵێت: «خاوەندارێتی موڵك و زەوی و زار سەر بە یاسای مەدەنییە، موڵك بە ناوی هەر کەسێك بێت، لە رووی یاساوە، ئەو کەسە خاوەنی موڵکەکەیە، ئەمەش لە حاڵەتی داواکردنی مافی جیابوونەوە گرفتی بۆ زۆرێك لە ژنانی فەرمانبەر دروست کردووە.» گوتیشی: «لە کولتووری ئێمەدا موڵك زۆر جار بە ناوی هاوسەری ژن تۆمار دەکرێت، لە کاتێکدا ژنیش هاوشێوەی هاوسەرەکەی پشکی هەبووە و لە کڕینی موڵکەکانی هاوبەش بووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرێك لە ژنان رۆشنبیری یاساییان نییە، بۆیە ناتوانن هاوسەرەکانیان ناچار بکەن کە کۆنتراکەتانی تایبەت بەم دۆزە بکرێنە ناویان، هاوسەرەکانی پیاویش بە زۆرینە رەزامەند نابن کە موڵك بە ناوی هاوسەریان بکرێت، ئەمەش رەگو ڕیشەیەکی کولتووریی قووڵی هەیە کە پیاو هەڵگری ناوی خاوەندارێتی موڵکە، بۆیە زۆرجار لە ژێر فشارە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان خانمان ئەم دۆزە بە هەند وەرناگرن و گرنگی پێ نادەن».

لە کۆتایی قسەکانیدا ئەم پارێزەرە دەڵێت: « لە رووی یاساییەوە هیچ گرفتێك نییە کە خانمان موڵکەکانیان بەناو بکرێت، یان هاوبەشییان پێ بکرێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی وشیاری یاسایی داوای ئەم مافەی خۆیان ناکەن، سەرەڕای نەبوونی یاسایەك بۆ پشتیوانی لە خانمان لەمیانەی جیابوونەوەیان کە ئەم مافەیان بۆ بگەڕێتەوە، هەرچەندە موڵك بە ناوی ئەوانیشەوە نەبێت.»

پارێزەر یادگار عەبدوڵا سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بوونی ئەو کەلێنە یاساییە کە بە زەقی لە یاسای عێراقی رەنگی داوەتەوە، دەستبەری مافی ژنانی فەرمانبەر ناکات، لە ماوەی جیابوونەوەیاندا و گرفتی زۆری بۆ ژنان دروست کردووە، هەرچەندە کۆمەڵێك رێوشوێن هەیە کە ژنان بۆ خەرجی مووچەکانیان لە ماڵەکانیان دەبێت بیگرنەبەر، وەك بوونی شاهید لە کاتی پێدانی مووچەکەی بە هاوسەرەکەی، یان ژنانیش داواکاریان هەبێت لە بوونی ناویان بە هاوبەشی لە کۆنتراکتی موڵکدارێتی دوای هاوسەرگیری، بەڵام لەبەر بوونی کولتووری پیاوسالاری لە کۆمەڵگەدا و هەروەها بە هۆی ئەوەی کە یاسایەکی خێزانی تایبەت نییە کە پیاو ناچار بکات کە هەردوو هاوسەر هاوبەشی لە کۆنتراکتەکانی خانووبەرە بکەن، پیاویش ئەم هەلەی قۆستۆتەوە بە جۆرێك زۆرترین کۆنتراکتەکان ناوی هاوسەری پیاو هەڵدەگرێت بێ ئەوەی بە داواکاریەکانی ژن پابەند بێت، زۆر جاریش ژنان خۆیان لەم دۆزە بەدوور دەگرن لە ترسی لەدەستنەدان و پچڕانی شیرازەی خێزان و فشارە کۆمەڵایەتییەکان ژنان ناچار دەبن کە دەست لەو مافەی خۆیان هەڵبگرن.»

مامۆستا ئەحمەد عەبدولرەحمان رەشید مامۆستای ئایینی لە پارێزگای هەڵەبجە لە روانگەی شەرعەوە بەمجۆرە باس لەو گرفتە دەکات: «لە ئایینی ئیسلامدا هیچ رێگرییەك نییە بۆ خاوەندارێتی ژنان لە موڵکدارێتی خانووبەرەی هاوسەرێتی ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت و تێیدا زۆرێنەی تاپۆی موڵکدارێتی خانووبەرەی هاوسەران بەناوی پیاوانەوەیە، زیاتر کولتووری کۆمەڵگەیە کە پیاوان پەسەند دەکەن بۆ هەڵگرتنی ناوی موڵکەکان، بەڵام ژنانیش دەتوانن بێنە دەنگ و داوای مافی یاسایی خۆیان لەو بوارەدا بکەن .»

**لەبەر ئەوەی سەرجەم ماڵ و موڵکمان بە ناوی هاوسەرەکەمەوە بوو، مافی گەڕاندنەوەی ئەو پشکەی کە لە موڵکداریی هاوسەرەکەم هەمبوو، لەدەستم چوو**

**بە هۆی کولتووری کۆمەڵایەتیی ناوچەکەمان و ترس لە دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی دەستبەرداری زۆێک لە مافەکانم بووم**

**لە ئایینی ئیسلامدا هیچ رێگرییەک نییە بۆ خاوەندارێتی ژنان لە موڵکدارێتی خانووبەرەی هاوسەرێتی و دەتوانن بێنە دەنگ و داوای مافی یاسایی خۆیان لەو بوارەدا بکەن**

**کێشەی سەرەکی نەبوونی یاسایەکە بۆ پشتیوانی لە خانمان لە میانەی جیابوونەوەیان کە ئەم مافەیان بۆ بگەڕێتەوە**